# هەڵەبجـــــــە

" ئاپــە"

هەر کەس هات و
ناویکی کەی.. لینای
ملوانکەیەک ،
لەوشەی فریودەرانەی
لە مل ئاڵای :
تاجیکی ژەنگنینی،
هەزار ساڵەیان..
لەسەر نای .
وەک خوا، هەزارویەک ناویان لینای
شەهید ، ..
شاژنی نیشتیمان
خوشکی حەما
تەنیاو تەنیا؛
ناوی خۆت نا،
تا ناوی خۆت
شاری هەڵچوون و خرۆشان ..
بەرنەوە لەبیرمان.

* * * *

هەر کەس هاتو
بە رەنگی جادوویی،
تابلۆیەکی کیشای:
وەک دیوجامە،
بۆ شیوانی راستی؛

تا روخساری خۆتمان
لەبەر چاوان بسرنەوە.
* * * *
هەر کەس هاتو
چیرۆکیکی نووسی:
بەسەر هاتو
میژووی بی رەنگ ،
لە دایکبوونی میرو مەلا ..
شیخ و بەگو ئاغا
هەمبانەیەکی پر درۆو
حەمدو سەنا
تەنیاو تەنیا،
میژووە خویناویەکەی خۆت نا !
شاری یاخیبوونو
خوبیشاندان ..
شاری بەرگریو کۆڵنەدان ..
تابلۆی مەرگی ژیان؛
ژاراوگەی سەرمایەو
ویرانگەی شەرو ئاشتی:
ئەهریمەن و خواکان .